# ئەنفال و لەسێدارەدانی تاوانباران

**کاوە ئەمین**

وا سێ مانگ بەسەر دادگایی تاوانباران هاشم سوڵتان و عەلی کیمیاویدا تێدەپەڕێت، بەڵام حوکمەکەیان جێبەجێ نەکراوە و هەر ڕۆژەی بە بەهانەیەک، ڕۆژێک دەڵێن ئەمریکییەکان نایانەوێت تەسلیمی عێراقییەکانیان بکەنەوە، ڕۆژێک دەڵێن سەرکۆمار و جێگرەکەی ڕازی نابن حوکومەکە ئیمزا بکەن و ڕۆژێکیش باسی ئاشتبوونەوەی گشتی دەکرێت لە عێراق، بۆیە دەبێت ئەو تاونبارانە حوکومەکەیان بۆ سووک بکرێت و پاشانیش بە هەلهەلە لێدان بیانهێنەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی عێراق. لەهەموو حاڵەتەکاندا، تەنها کورد وەک نەتەوە و کەسووکاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی دۆڕاوی یەکەم دەبن، بۆ؟ لە لایەک لە بەهای قووربنایییەکانی کورد کە لە چاو قووربانیەکانی گوندی شیعە نشینی دوجێل قەترە بە دەریایە، کەم دەکرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە سووکایەتییە بە هەستی مرۆڤانەی کەسووکاری ئەنفالکراوەکان و نەتەوەی کورد بە گشتی، ئەوە لە کاتێکدایە تاوانبارانی ناوبراو بۆ یەک چرکەیش لە کردەوەکانیان پەشیمان نەبوونەوە و بەڵکو شانازیان پێوە دەکرد، سوڵتان هاشم بەشێوەیەک باسی ئەو جوگرافیایەی کە ئەنفالی تێدا کرابوو دەکرد ڕەنگە هیچ سەرۆکێکی کورد هێندە شارەزای ئەو ناوچانە نەبێت، ئاخر ئەو ناوی گوند بە گوندی دەزانی و دەیان جار کوردی وەکو بەکرێگیراوی ئێران ناو دەبرد، هەر بۆیە هەر جۆرە دیفاع کردنێک لەو تاونبارانە، سووکایەتی کردنە بە ئێسک و پرووسکی هەزارن ئەنفالکراو کە تەنانەت گۆڕەکانیشیان دیار نییە. ڕەنگە زۆربەی زۆری ئێمە دژی حوکمی لە سێدارەدان بین و بە سزایەکی گونجاوی دانەنێین، بەڵام دەبێت ئەوەش بپرسین کە ئەوە دەستەڵاتدارانی عێراقن کە ئەو سزایەیان دانەوە نەک ئێمە، پاشان ئەگەر سزایەکی وا بە سوڵتان هاشم و عەلی کیمیاوی ڕەوان نەبینرێت. ئەی بۆ دەبێت خەڵکانی تر لە سێدارە بدرێن؟ ڕەنگە ڕۆژانە لە عێراقدا دەیان کەس ئیعدام بکرێن کە تاوانەکانیان هەچیەک بێت لە تاوانی بەعسییەکان زیاتر نەبێت، ئاخر بەعسییەکان سەدان هەزار کوردیان زیندە بەچاڵ کردووە، ئەگەر باسی تۆڵەکردنەوەش بکرێت، بۆ دەبێت تەنها کوردە حەیاتەکە لە هەموو کەس زیاتر بەخشندەتر بێت. ئەرێ کەستان بیستووە ڕەخنە لە جوولەکە بگرێت لە پای ئەوەی کە تا ئێستاش بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بەدوای تاوانبارانی نازیستەکاندا دەگەڕین، مەگەر بۆ ئەوە نییە کە بیسەلمێنن لە تاونباران خۆش نابن ئەگەر گوێیان لەسەر قەبریش بلەرزێت. بۆسنییەکان بەدوای تاونبارانی شەڕی یوگسلاڤیای جاراندا دەگەڕێن و کەسیش باسی ئاشتبوونەوەی گشتی ناکات. ئەمریکا بەسەدان شەڕکەری ئەفغانی و غەیری ئەفغانی لە زیندانی گۆنتانامۆ پەستاوتووە، ڕۆژانەش دەردەکەوێت کە هەندێک لەوانە پەیوەندیان بەتیرۆرەوە نەبووە و نییە، بەڵام هەر حسابیش بۆکەس ناکەن.

کورد نابێت خۆی بکاتە پارێزەری تاوانبارانی ئەنفال لەبەر ئافەرینێکی کاتی، ڕەنگە ئەمریکا کورد بکاتە مقاش لەم گەمەیەدا و بۆ دڵدانەوەی سوننەکان و کەمکردنەوەی ئەو فشارەی لەسەریانە سوڵتان هاشم بە پلەی یەکەم و ڕەنگە عەلی کیمیاویش ڕزگار بکەن بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ یان هەرهیچ نەبێت بە ئاشکرا خۆیانی تێدا هەڵقورتێنن، ئاخر نایەنەوێت دڵی شیعەکان لە خۆیان بڕەنجێنن. دیارە شیعەکان لە پراکتیکدا لە هەموان زیاتر لە بەعسییەکان داخ لە دڵن و ئێرانیش هەتا بۆی بکرێت لە ڕێگای شیعەکانەوە تۆڵەی خۆیان لە بەعسییەکان دەکەنەوە. لەو ناوەدا دەیانەوێت مارەکە بە کورد بگرن یانیش ڕاستره بڵێم بەرەڵا بکەن، ئاخر مەگەر هەمیشە لە نێو ڕۆژهەڵاتناس و گەریدەکاندا کورد وەکو نەتەوەیەکی میوانپەزیر و دڵساف ناوی نەبراوە! کورد تەنها بیر لە تۆڵەکردن لە تاکەکانی خۆی دەکاتەوە، بچوکترین شتی دەیان ساڵ لەمەوبەر لەدڵ دەگرێت، بەڵام هەمیشە ئامادەبووە و ئامادەیە

له دوژمنه‌که‌ی خۆی خۆش ببێت.

له‌بیرمان نه‌چێت ئه‌مریكا كه‌ بانگاشه‌ی دیموكراتی و مافی مرۆڤ ده‌كات، یه‌كێكه‌ له‌و وڵاتانه‌ی كه‌ تا ئێستاش ساڵانه‌ به‌ ده‌یان كه‌س له‌و وڵاته‌دا له‌سێداره‌ ده‌درێنن، ئه‌ی چۆنه‌ وا ئێستا سوڵتان هاشم و عه‌لی كیمیاوییان هێشتۆته‌وه‌، تۆ بڵێی بۆ ئه‌وه‌یان بێت چۆله‌كه‌یان پێ بگرن؟

تێبینی: ئه‌م وتاره‌ له‌ ڕۆژنامه‌ی (ڕۆژنامه‌) ی ڕۆژی 2-12-2007 دا بڵاو كراوه‌ته‌وه‌.